# کوشتنی نادڕندانە کامەیە؟

هەژێن

مرۆڤی نەخۆش، مرۆڤی کۆنەپەرست و خوێنڕێژ زادەی کۆمەڵگەی نەخۆش و مەرگدۆستە. ئەم پێوەرە چێکراوی من نییە، ئەمە بەرهەمی هەلسەنگاندنی مێژووی مرۆڤایەتییە و وانەیەکە لە تویژینەوەی کۆمەڵگەکانی سەر گۆی زەوی و لە کوردستانیشدا پێچەوانەی پاگەندەی چڵکاوخۆرەکانی دەسەڵات، بوونی کۆمەڵ و کۆمەڵگەیەکی نەخۆش و گەندەڵمان بۆ دەسەلمێنێت.

مەرگی دوعا، لەم مەرگستانەدا نەیەکەم مەرگی ئەوینە و نە دوا کۆستی ئەویندارا‌ن. کەچی کاتێك کە دەبێتە دەنگۆی میدیاکان، دەبینین فتوادەرانی مەرگیش دەکەونە شیوەن و بە جۆرێك دەیانەوێت نان و پێواز بەم رووداوەوە بخۆن. ئەمە سەیر نییە و پیشەی زورناژەنەکانی دەسەلات لە گشت سەردەمەکاندا هەر ئەمە بووە.

ڕۆژی ٢٠٠٧/٠٤/٠٧ لە ناوچەی بەعشیقە کیژۆڵەیەکی ئەویندار بە دەستی چەقۆکێشانی خوا و دەسەلات، بە کوتە بلۆك لە کەرنەڤاڵێکی مەرگدا خەڵتانی خوێن دەکرێت و بینەرانی ئەم کەرنەڤاڵە لەبری بەرگری و فرمێسکڕێژان چەپڵە و هاو هوو ئەڵڵاو ئەکبەردەکەن. کەرنەڤاڵی ناموسپەرستی کۆمەڵگەی باوکسالاری کوردی، کەرنەڤاڵێکی پەردەپۆشکراو، (دوعا) ش وەك کەژاڵەکان، ئامینەکان، بەسێکان، ..... و ... بە بەرچاوی دەسەلاتی دیموکراتە مشەخۆرەکانەوە دەکوژرێ و میدیا چڵکاوخۆرەکانیش دەست بە چاویانەوە دەگرن، بۆ ئەوەی بێدەنگەی لێ بکەن.

ڕوداوێك کە دواتر هەموومانی ڕاچڵەکاند، ڕۆژی ٢٠٠٧/٠٤/٠٧ بەبەرچاوی ئاسایشەکانی میری هەرێمەوە ڕودەدات و ڕۆژی ٢٠٠٧/٠٤/١٨ ڕۆژنامەی ئاوێنە * لە چەند وشەدا وەك هەواڵێکی لاوەکی بلاوی دەکاتەوە. پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە دەسەلات و میدیا و کۆمەڵگە کێچێك نابێتە میوانی و ڕۆشنبیرانیش لە پرخەی خەودان. تاوەکو هێزە ئیسلامییەکان بە هۆی قۆستنەوەی کورتە فیلمی مۆبایلەکانەوە، دەکەونە ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکان و دوعا دەکەنە کیژێکی موسولمانبوو و گێڕانەوەی هۆی بەڕێخستنی کەرنەڤاڵی مەرگەکەش ناکۆکی نێوان ئایینی ئێزیدی و ئیسلام. ئەمە دەسەلات ناچار دەکا و بۆ خۆقوتارکردن و دەرکێشانی لاقی خۆیان لەو لیتەدا، بۆ بەرپەرچی هێرشی پاگەندەیی ئیسلامییەکان، بەرگی نەتەوەپەرستی دەپۆشێتەوە .

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە لە ٢٠٠٧/٠٤/٠٧ ڕۆژی بلۆکبارانکردنی دوعای ئەویندارەوە تاوەکو بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لە ڕۆژنامەی ئاوێنە دا، تەواوی دامودەزگەکانی ڕاگەیاندنی فەرمی بێدەنگەی لێدەکەن و لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکەوە تاوەکو بڵاوبوونەوەی کورتە فیلمەکانی بلۆککوژی دوعا، کێچێك نابێتە میوانی ڕۆشنبیرانی کورد! لەمانە سەیرتر، دەربڕینی یەکێك لە سیدی فرۆشەکانی شاری (سلێمانی)یە، کە دەڵێت "فیلمی کوشتنی دوعا پڕفرۆشترین (سیدی) بووە و لە فرۆشتنی پارەیەکی زۆری بەدەستهێناوە، کاتێك کە پڕفرۆشی سیدیەکە لەگەڵ کاردانەوە و

هەڵوێستی تاکی کوردا بەراوردی دەکەین، بەو سەرەنجامە دەگەین، کە عەوداڵی تاکی کورد بۆ بینینی فیلمە کورتەکانی کوشتنی دوعا، لە چێژوەرگرتنی تاکی کوردەوەیە لە بلۆککوژی مرۆڤ و پلیشاندنەوەی سەری ئەویندارێك، نەك لە سەرنجاندنی درندەیی کۆمەڵگەکەی! شکاندنی سەری کارگەرانی کۆچەری ئێزیدی لەبەردەم مزگەوتی گەورەی سلێمانی و پەلاماری کارگەرانی ئێزیدی لە هۆتێلەکانی هەولێر بە دنەدانی هێزە ئیسلامییەکان و چاوپۆشی دەسەلاتی میرانی بارزان و تاڵەبان، ڕاستی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە لە پشتپەردەی بلۆککوژی (دوعا)وە دەستی ئاسایشی میری هەرێم کارایە!

جێگری پارێزگاری موسڵ لە لێدوانێکی تەلەفزیۆنیدا بۆ تەلەفزیۆنی زاگرۆس لە ڕۆژی ٢٩ی ئەپریلدا، دان بەوەدا دەنێت، کە پاش دەستگێرکردنی دوعا و ئەویندارەکەی، بە وەرگرتنی ئیمزا و کەفاڵەت لە بەڕێوەبەری ناحیە و بەرێوەبەری ئاسایش و شێخی بەعشوقە و میر و پیاوە ئایینییەکانی و کەسوکاری دوعا، دوعا دەدرێتە دەست جەنابی شێخ و ئەویندارەکەی (دوعا)ش لەلایەن ئاسایشی میرییەوە زیندانی دەکرێت.

دوعا و ئەویندارەکەی لەبەر یەکتر دیتنیان لە جێژوانێکدا دەەستگیر دەکرێن، دوعا لە کەرنەڤالێکی بێوێنەی مەرگدا بلۆککوژ دەکرێ و ئەویندارەکەی تا ئاخاوتنی جەنابی جێگری پارێزگاری موسڵ لە کۆتایی مانگی ئەپریل دا، بە دەسبەسەری لە زیندانندا هەواڵی مەرگی (دوعا)ی پێدەگا، هێزە ئیسلامییەکان لەسەر مەرگی دوعا سەرمایەگوزاری سیاسی دەکەن، کورتە فیلمەکانی کوشتنی دوعا دەبنە دیاری و مەسیج گۆڕینەوەی لاوان، ئەوسا ڕۆشنبیران ویژدانیان بە ئاگا دێ و زوڕناژەنەکانی دەسەلاتیش وەك پیشەی هەمیشەییان دەکەونە سپیکردنەوەی ڕوخساری دزێوی دەسەلات و شاردنەوەی ڕۆڵی پشتپەردەی دەسەلاتدارانی ئەو دەڤەرە.

وەك هەمووماں دەزانین، بەر لەم ڕووداوە، لە ڕووداوەکەی لالش دا دەمارگیرە خێڵەکی و موسوڵمانە توندڕەوەکان و لایەنگرانی دەسەلات، کوتایانە سەر پەرەستگای ئێزیدییەکان و بەر و ماڵیان سوتاندن. هەر بەسوود وەرگرتن لە ئامادەیی مرۆڤی کورد بۆ کوشتوبڕ، هێزە ئیسلامییەکان کەوتنە ئاوەژووکردنەوەی ڕووداوەکە، بەوەی دوعا بووەتە موسولمان و ئێزیدی کوشتویانە. لەولاشەوە دەسەلاتدارانی ئەو دەڤەرە وەك تۆڵەیەك لە کاردانەوەی هاونیشتمانییە ئێزیدییەکان لە ڕووداوەکەی لالش دا بەرامبەر دەسەلاتی دەڤەرەکەیان، نەك لەو ڕووداوەدا چاو دەنووقێنن، بەلکو دەنگۆی ئەوە هەیە کە دەسەلاتدارانی دەڤەرەکە پاشەکشێیان بە هێزەکانی خۆیان لە کاتی ڕووداوەکەدا کردبێت و پۆلیس و ئاسایشیش سەیرکەری ئەو هکەڕنەڤاڵە بووبن.

پاش ئەم گشتە لە ڕووداو و خۆئامادەکاری بۆ ئەو کەرنەڤاڵی مەرگە –کە مەگەر لە سەدەکانی ناوەراستدا لە سووتاندنی ژنە ئەفسونگەرەکان، یا لە کەرنەڤاڵی مەرگی دەم مەقسەڵەکان لە ئەوروپادا مێژوو ڕووداوی وێژدانتەزێنی وای بە خۆوە دیتبێت- کۆمیتە پارتییەکانی ژنان و ڕۆشنبیران و میدیا ژوڕناژەنەکانی دەسەلات، ناچارانە دێنەگۆ و باس لە کوشتنی دڕندانە (وەحشیانە) دەکەن!

بۆ تێگەیشتن لە کوشتنی دڕندانە، دەکرێت لە ڕای گشتی بە گشتی و ڕۆشنبیرانمان بە تایبەتی بپرسین: مەگەر کوشتنی مرۆڤانە یا نا دڕندانە هەیە، تاوەکو ئەمەیان دڕندانە بێت؟ کامەیە کوشتنی نادڕندانە؛ لە سێدارەدان، هەنجنهەنجنکردنی جەستەی لاوان لە شەڕگەکاندا، خۆسوتاندنی ژنان، قوربانیکردنی مەڕەکان بۆ تەندروستی سەرۆك، تەقە لە خۆپیشاندەرانی هەڵەبجە و کەلار؟ کامەیە کوشتنی مرۆڤانە، کوشتنێك کە ڕۆشنبیرانمان بە خشکەیی و لە پشت وشە فریودەرەکاینیانەوە ڕەوایەتی پێ دەبەخشن؟ ئەگەر ئەمە زادەی بیری نەخۆشی ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگەی نەخۆش نییە، ئەی چییە؟

هەمیشە لە کۆمەڵگە مەرگدۆستەکاندا، هەلوێستی لەرزۆك و ڕیاکار لە بەرامبەر مەرگدا لە گەشەسەندندایە. مەرگیش وەك هەر شتێکی تر دەستەبەندی دەکرێت و لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەنییەکانی خێڵ و پارتدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. ڕیاکاری و شەرمنۆکی پاشماوەی بیری خێلەکییە و دەسەلاتدارانی خێڵیش چ لە ئەشکەوت و چ لە پارلەماندا گەشەی پێ دەدەن و دیاردەیەکی بێ پێشینە نییە و چ لە ڕابوردوو و چ لە ئێستادا لە ژیانی ڕۆژانەماندا گەشەی پێ دەدەن و نموونەی زیندووش وشەی شەهیدە کە بۆ زیندانییەکی ڕامیاری لە سێدارەدراوی دەست بەعس و پێشمەرگەیەکی بەگژاچووی بەعس و کوژراوێکی شەڕی ناوخۆ و نۆکەرێکی بەعس و ... و تد، وەك میداڵ لە سنگی هەمووان دەدرێت، هەروا مرۆڤکوژیش دەستەبەندی دەکەن و برێك کوشتن شوناسێکی مرۆییان پێ دەبەخشرێت و بڕێکی تریش دڕندانە!

وەك دەزانین پێش دوعا هەزاران ئەوین خەڵتانی خوێن کران و هەزاران دوعا وەك نەنگێك لە زبڵدانەکانی شاردا فڕێدران یا بێدەنگە لە گۆڕنران، دەیان دوعای کوردزمان لە ئەوروپا پارچەپارچە لە حەوشەی مالاندا شاردرانەوە، کەچی کۆمەڵگە لە خەوی خەفڵەتی خۆی دانەچڵەکا. هەر ئێستاکە دەیان و سەدان دوعای تر لە پەنا دەستماندا لەگەڵ سەرکوت و چەقۆکێشی کەڵچەری ڕزیوی نەتەوە و دەمارگیری ئایینەکان، دەستوپەنجە نەرم دەکەن، کەچی وەك نەعامە سەرمان بە ناوگەڵماندا دەکەین و دەمانەوێت نەیان بینین! دەمانەوێت بڵێین ئاگامان لێ نییە! دەمانەوێت دڵی سەروەرانمان لێ نەڕەنجێت! دەمانەوێت موچەی مفتەمان لە کیس نەچێت!

ئەمە نیشانەی لاوازبوونی هەست و هاوسۆزی و هاودەردی مرۆڤانەی تاکی کوردە و دەتوانین لە ڕابوردوومانـدا دەیانجار بیخوێنینەوە؛ شەڕە ناوخۆییەکان، کیمیابارنی هەلەبجە، ئەنفالەکان، دیسانەوە شەڕی ناوخۆ، پێشلەشکری سوپای تورکیە و ئێران و عیراق بۆ سەر یەکتر، ڕەشەکوژی هەزاران ژن لە پاش ڕاپەڕین و تەنانەت هاوپشتی لە مرۆڤکوژەکان لەو ڕوداوانەدا. ئەمانە نەك تاك و کۆمەڵگەیان دانەچڵەکاندووە، بەڵکو بە بێدەنگەلێکردن مۆری ڕەوایەتی لەو تاوانانە دراوە و بە هەموو شێوەیەك لە لایەن دەسەلات و چڵکاوخۆرەکانییەوە هەوڵی سڕینەوە و لەبیربردنەوەی ئەو مێژووە دراوە و بەردەوام دەدرێت! بۆیە دەبینین تاکی کورد تەنیا بە دیتنی وێنە و فیلم هەست و سۆزی دەبزوێ و لە پەنا دەستیدا دەیان ڕوداوی وا ڕوودەدەن، کەچی وەك نەعامە سەر بە ناوگەڵیدا دەکا و دەیەوێت پاساو بۆ بێهەڵویستی بهێنێتەوە.

ئەگەر ئەم بۆچوونە بەرامبەر تاك و كۆمەڵی كوردی هەڵەیە، دەبوو لانیكەم لە ڕوداوی (دوعا)دا لە گشت شار و شارۆچكەكانی كوردستانەوە ئازایخوازان و مرۆڤدۆستان بە ڕێپێوان بەرەو گۆڕەكەی بەڕێ كەوتبان یا هونەرمەندە پەیكەرتاشەكانمان لە مەیدانی گشت شار و شارۆچكەكاندا پەیكەریان بۆ (دوعا) بتاشیایە** یا لانیكەم چەند ئێوارەیەك لە سەرتاسەری كوردستاندا مۆمیان بۆ هەڵبكردایە.***

بەلام لەبەر ئەوەی كە تاكی كورد، تاكێكی خێڵەكی و كۆیلەیە، هێشتاكە چاوەڕێی بانگەوازی سەرۆكخێڵەكانی تاڵەبان و بارزانە كارێكی وای پێ بسپێرن، بۆیە كاردانەوەیەكی وا كە سومبولی خەباتی هاوچەرخی توێژە كۆمەڵایەتییەكانە، ڕونادات. بەڵام كاتێك كە سەرۆكێكی مشەخۆر نەخۆشبكەوێ، بە فتوای ڕێكخستنە پارتییەكان، شەقامەكانی شار دەكەنە قەسابخانە و ڕێساكانی سەردەمی ئەشكەوتنشینی مۆدێرنە دەكەنەوە!

هەر ئەم بێ هەڵوێستییەی تاكی كوردە وا دەكات، كە هەراو هوریای میدیاكان و شیوەنی ڕۆشنبیرەكان، هیچ لە پرسەكە نەگۆڕێت و هەر بەدوای كەرنەڤاڵی مەرگی (دوعا)دا لەبری وەستانی كوشتوبڕی ژنان، بەپێچەوانەوە ژنكوژی پەرەدەسێنێت.

ئایا ئەمە نیشانەی پرسیار لە سەر ئاوەزداری و هوشیاری و مرۆڤایەتیمان دانانێت؟ ئەی وەڵامان چییە و وەلام كامە هەڵوێست لامان دروستدەكات؟ هەڵویستێكی مرۆڤانە یا هەڵوێستی شەرمنۆكانەی خیلەكی؟

ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە لەبری یادی ڤالانتاین، ساڵرۆژی بەردبارانكردن، لوتبڕین، هەڵواسین، سەربڕین، خنكاندن، سوتاندن، بێسەروشوێنكردنی یەكێك لە دوعاكان بكەینە ڕۆژی ئەوین لە كوردستان، ڕۆژی ڕسواكردنی باوكسالاری و كۆنەپەرستی؟ ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە مۆمەكان هەڵكەین و مەیدان و گەڕەك و كۆلانەكانی شار و شارۆچكە و گوندەكان ڕۆشنكەینەوە و خەنجەر و شمشێری هێزە مرۆڤكوژ و پیاوە دوعاكوژەكان ئاشكراكەین؟

* زۆرم هەوڵدا ئەو ژمارەیەكی ڕۆژنامەی ئاوێنە بەدەست بێنمەوە، بەڵام بەداخەوە لە بازاردا نەمابوو و ماوەیەكیشە ماڵپەڕەكەی وەستاوە، هەر ئەمەش بوو هۆی بڵاونەكردنەوەی ئەم بابەتە لە كاتی خۆیدا كە لە دوا هەفتەی مانگی چواردا دەستم بە نووسینی كرد.

** لە شێوەی پەیكەری دوو ئەویندارەكەی بۆسنە و هەرزەگوین لە یوگوسلاڤیا ی نەوەدەكان، لەسەر بەرگی یەكێك لە ژمارەكانی گۆڤاری هانا.

*** لە شێوەی ئەو هاودەردییەی كە هاووڵاتیانی ئەوروپی بەرامبەر قوربانیانی دەستی ڕاسیست و نازییەكان، لە شارەكانی ئەوروپادا بە مۆم داگیرساندن دەریدەبڕن.